دەزگای رۆشنبیریی جەمال عیرفان

نێوەندی توێژینەوەی شانۆی کولتوریی

# خوێندنەوەیەك بۆ شالیر

دیار عومەر

ناوی کتێب: خوێندنەوەیەک بۆ شالیر
نووسینی: دیار عومەر
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاین: ئارام عەلی
تیراژ:
نرخ:
چاپی یەکەم: دەزگای جەمال عیرفان، ساڵی ٢٠١٤
کوردستان – سلێمانی

شا (لیر) شایەکی ناو داستانە کۆنەکانی بەریتانیایە, ناوەکەی لە ناوی خوای ئاوی سلتی وەرگیراوە. چیرۆکی شانۆگەریەکەی لە پەرتوکە مێژوویەکەی (رۆفائیل هۆلەنشید 1577 ) وەرگرتووە, کە سەرچاوەی هەندێ لە نوسینەکانی تری شکسپیرە وەک, ماکبێس و سیمبلین. لە چنینی دووەم سودی لە داستانێکی شعری وەرگرتوە بە ناوی (ملکە جان), کە چیرۆکی گلۆستەرو کورەکانیەتی.. لیرشا لەساڵی 1605 نوسراوە, یەکەم جاریش لە سالی 1606 نمایش کراوە.

سەیری مەرگەساتەکانی شکسپیر لەوە دایە، کە لایەنی باشە لەکۆتایی دەبێتە قوربانی کە مرۆڤەکانن، ناکرێ مرۆڤەکان بێ بەش بونیان هەبوبێ لە خراپەو خراپە کاری.. مرۆڤە پاکەکان بەئاسانی دەکەونە تەونی شەڕ خوازان و فێلبازان و پیاو

کوژان.. (دێزدەموناو دەنکان و کۆردیلیاو یۆلیۆس قەیسەرو رۆمیۆ جولێت.....)
لیرشا کە هەڵسورێنەری مەرگەساتەکەیە خۆی ناکەوێتە دەرئەنجامی بریارە هەڵەکانی وکۆردیلیا دەبێتە قوربانی چی وا لە لیر دەکات مەملەکەتەکەی دابەش بکا؟ ئایا دارشتنی چارەنوسێکی شومە بە دەستی خۆی ؟ یان نەگبەتیەکە عەقڵ پێی ئەکا؟
ناکرێ لیر وەک پاشایەکی گەڕۆک مانگانە لەلای کچێک لە کچەکانی بە خۆی و سەد سوارەوە بێت . بە دەرکەوتنی لیر کە گەڕۆکە و دەربەدەر دەبێت هەر لە سەرەتای چیرۆکەکەیە، کە ئەبێ بزانێ بەم شێوەیە ژیان بەسەر دەبات تا ئەجەلی دێت و ئەمرێ. پیرێکی هەشتا ساڵەی تێر دونیاو خواردن و پڕ شەر و بەجەرگ، کە لە گەنجێتیدا قارمان و سەرکەوتووی سەدان شەڕ بوو، بوو بە دۆڕاوی عەقڵە پیرەکەی خۆی . پیرێک کە ڕێگا بە ڕاوێژکارەکانی نادات تەنانەت کێنتی بە وەفاش بۆی نییە قسە بکات. هیچ کەسێک لە کەرنەڤاڵی دابەشکردنی ووڵات بۆی نەبوو قسە لە قسەی شایەکی هەشتا ساڵی بکات، کە خۆی کۆتایی بە دەسەڵات و مەملەکەتەکەی خۆی هێنا. خۆ ناکرێ کورسیەکەی لەسەر پشتی ئەسپەکانی بێ و لە دادگایەکی درۆزنانەی پڕلە گاڵتەی بەهلوول و تورەیی ڕەشەبا پاشایەتی خۆی بسەلمێنێ . وەزیرێکی ڕاستیش لە هەڕەشەکانی لیر ناترسێ و درێژە بە ئامۆژگارییەکانی دەدات بۆ پاشایەکی بێ عەقڵا و بێ مەملەکەت.

لیر :   کەوانەکان پڕن لە تیر تەنیا چاوتروکانێک تیرەکان ئەگەنە

شوێنی دیاریکراو ..... ئاگادار بە تۆ نەبی ... خۆت لادە .
کینت:  گەر بە تیری تۆ گیانم وشک بێ، با بمکوژن.
لیر:  لاچۆ گەمژە، پێویستیم بە ئامۆژگارییەکانت نییە.

وەزیرێکی بەوەفا ئاسان نییە لە وێران بوونی مەملەکەتێک و هەڵەی شایەکەی بێدەنگ بێت، کێنت ئەزانێ لیر گوێ بە قسەکانی نادات بەڵام نەزانی کێنت و کۆردیلیا بوو چاڵەکەیان قوڵا تر کرد بۆ لیر... نەزانینی ڕەفتار کردن لەگەڵا گەمژەیەکی هەشتا ساڵان، لیر شێت دەکات.

کێنت : (بە توڕەییەوە ) خۆت ئەخەیتە چاڵێکی تاریک... بە ئاگاییەوە بڕیار بدە، بیری لێبکەرەوە ئەوەی تۆ ئەیکەی کارێکی مەزن نییە، بەڵکو چاڵێکی تاریک و کۆتاییەکی تاڵ و ناخۆش و ترسناکیشە.

لیرێک لە هەموو ژیانی بە سەروەرییەکانی جەنگ ناسرا بوو زۆر لەلای ئاسایی بوو مەملەکەتەکەی پارچە پارچە بکات ، دەرکردنی وەزیرێکیش لە پاککردنەوەی پرتەقاڵێک ئاسانترە ، نەک تەنیا دەرکردنی بەڵکو بینینی لە وڵات کوشتنی بەدواوەیە.. کێنت کە بەوەفا و ڕاستگۆ بوو هێشتا هێور و لەسەرخۆیە کە دووبارە بە لیر دەڵێتەوە .

کێنت:  من بە دڵپاکیەوە ئامۆژگاریم کردی دەیسەلمێنم .

کێنت یەکەم کەس بوو لیری لە هەڵەکان ئاگادار کردەوە تەنانەت پێش( بەهلوول)یش کەوت ..

(ماڵئاوایی کۆردیلیا)
دیارە هەڵە کەرەکان یان غەدر لێکراوەکان ئارەزووی شووکردنیان بۆ یەک هەیە . ئەوەتا میرێکی لاوی فەڕەنسی زۆر گرنگی بە موڵک و بەشە میراتی کۆردیلیا نادات و داوای ڕەزامەندی هاوسەرگیری لێدەکات... شای فەڕنسی لە سەرسوڕمانی بە پاکی و ڕاستگۆیی کۆردیلیاوە بووە هۆی هەڵبژاردنی ، بە تایبەت لە گەورەترین ئان و ساتی دابەشکردنی مەملەکەت .

کۆردیلیا : هیچ ....
لیر : هیچ لە هیچەوە دێت ...

لە چیرۆکی لیرشادا وشەی هیچ (nothing ) چل و نۆ جار دووبارە دەبێتەوە ئەم هیچییەش بوو لیری بەرەو شێتی برد. لە کاتی ماڵئاوایی کردنی کۆردیلیا بە چاوی پڕ گریانەوە بە دوو خوشکە فێڵبازەکەی دەڵێ

کۆردیلیا : توخوا ئاگاداری بن پیرە...

زیرەکی گۆنرێل و ڕێگان لە وەڵامە خێرا و گونجاوەکانیاندایە،(پێویستیمان بە ئامۆژگاری تۆ نییە، خۆ هیچ شتێکت لە ئێمە زیاتر بەرنەکەوتووە، بگرە هیچ، لەویش کەمتر، دەربەدەر بووی) .
دوایین دایەڵۆگی لیر بۆ کۆردیلیا بە ناڕاستەوخۆیی بە شای فەڕەنسی ووت
لیر : بڕۆ بۆ کوێی دەبەی بیبە، نامەوێ چارەی ببینمەوە.

کۆردیلیا دۆڕاوی هەق و زوڵم لێکراویش بوو.....پیرێک بە دەرکردنی کەسە بە وەفاکانی ئارامی دەبێت و زۆر لەسەر خۆ ژیانی ئاسایی خۆی بە ئارامی لە کۆشکی گۆنرێل بەسەر دەبات, تا دەگاتە ئەو ئاستە تێگەیشتنەی کە هەست بکات قسە رازاوەکانی کچەکانی لە کاتی دابەش کردنی مەملەکەتەکەی هەمووی درۆ بوو ..ئەمیش لە چۆنیەتی قسەکردن لەگەڵی ,وای نیشاندەدەن کەوا بێ دەسەڵاتەو مایەی بێزار کردنی ئەوانە لیر لێرە ئامۆژگاریەکانی کێنتی بیر دەکەوێتەوە کە نە ئەبوایە مەملەکەتەکەی دابەش کردبایە. لیر هەست بە گۆرانکاری دەکات ، بەڵام قەت خۆی بە بێ هێزی نیشان نادا و خۆی لێ گێل دەکات .

لیرخۆی دەخزێنێتە یاریەکی قورسەوە لە نێوان (شا)یەتی خۆیی و هێزی خۆی، دەر ئەنجام بەدۆراندنی عەقڵی یاریەکە تەواو دەبێت.

گۆنرێل هەر لەسەرەتادا بێزاری بەرامبەر بە باوکی دەر بڕی ،کە گوایە باوکی کابرایەکی بێزارەکەرە و سوارەکانیشی بێ ئەدەبن. ئامیۆژگاریەکانی گۆنرێل بۆ خزمەت کارەکەی بەتەواوەتی ناخی گۆرنرێل دەردەخات .ئەمە یەکەم دەرکەوتنی لایەنی خراپەی گۆنرێل بوو ،لەلایەکیتریش کردنەوەی دەرگای دووەمی مەرگەساتەکەیە.

گۆنرێڵ: گەر بانگی کردی وەڵامی مەدەوە ، گەر فەرمانێکی پێ راسپاردی مەی کە.

هەر لەوێوە لیر گاڵتەجاری خۆی دێتە بەر چاو کە چۆن مەملەکەتەکەی کرد بە دوو بەشەوە.دەکرێ خۆشی بە دوو بەش بزانێت، لە لایەک خۆی وەک پاشا دەنوێنێ و نایەوی کەسایەتی خۆی لە دەست بدات، لە لایەکی ترەوە خزمەت کارەکانی کۆشکی کچەکەی پشت گوێی دەخەن و بەگوێی ناکەن. تێکچوونی لیر لەم بەریەککەوتنانە دروست دەبێت، کەخۆ هەڵخەڵەتاندنە.

بەوەفایی کێنت و سەلماندنی قسەکانی

کێنتی دەرکراو لەلایەن پیری گەمژە، چۆنیەتی سەلماندنی وەفای وەزیرێکی راست گۆ

کە دەرکراوی ئامۆژگارەیە باشەکانیەتی، ئاسان بتوانێت مەملەکەتێکی دابەش کراوی وێران جێ بهێڵێت. پیرە تورەو سەرلێشێواوەکەش بڕیاری داوە گەر لە مەملەکەتەکە بمێنێت ئەوا لەسێدارەی دەدات. سەلماندنی قسەکانی خۆی وابە ئاسانی ناکرێ، دووبارە کێنت تاوانبارە لە نەزانینی رفتارکردن لەگەڵ لیر، چونکە ئەزانێت لیر سەرەرۆ و گێلە، ئەگینا هیچ شایەک نیە وەزیرێکی خۆی نەناسێتەوە بە گۆرینی جل و بەرگی، دەکرێ بە خاڵێکی سادەی لیریش ناوزەنی بکەین. خۆ گۆرینی کێنت و رۆیشتنی و چاودێری کردنی لیر لە نزیکەوە لووتکەی وەفای کێنتە. کە لیر هیچ پێویستیەکی بەو نەبوو، خۆی بە دەرکراویی وبە سەد سواریشەوە، بێگانەیەکیش .ئەبنە میوانی کچی دووەمی. پێشوازی کردنی کچی دووەمی لە لیر بە فەلاقە کردنی کێنت دەبێت. لە لەلای گۆنرێل، کە خزمەت کارەکە وەڵامی لیر ناداتەوە یەکەم کەس کێنتە خۆی بۆ ناگیرێت و پەلاماری دەدات لیر لەوێوە ئەو خزمەت کارەنوێیەی(کێنت) بە کەسێکی بەوەفا

زانی، نازانێت کۆنە وەزیرەکەیەتی پێی دەڵێت فەرمو بۆ مێزی خواردنی من .

بەهلوول

هاوڕێکانی لیر، دوای لەدەست دانی مەملەکەتەکەی لەکەمی دا، تەنیا وەزیرە بە وەفاکەی نەبێت لەگەڵ بەهلوولەکەی مانەوە .لیر جار بە جار بە قسە خۆش ناوی دەبات، جار بەجاریش بە شێت. بەهلوول هەوڵدەدا لە خەمەکانی لیر کەم کاتەوە، کەچی بەدەوامیش شتە ناخۆشەکانی بیر دەهێنێتەوە، لە زۆربەی دیمەنەکان پێش خەون و بۆچوونەکانی لیر دەکەوێ، ئەوەی جێ سەرەنجە لە لیرشا، کە لیر بۆتە گاڵتەجاری بەهلوولەکەی. کە ئەمە نەگونجانێکی تۆزێ پێکەنیناوی ناو ترژیدیایەکی مەزنە. بەهلوول هەولێ دەدا لیر وەک کەڕێکی گوێگران گوێ بیستی شتەکان نەبێت، دەیویست تۆزێ لەخەمەکانی سووک بکات، بەهلوول هەر زووهەستی بە ئامادەکاریەکانی گۆنرێل کردبوو بۆ دەرکردنی لیر، ئاگادار بووکە گۆنرێل لە هەولێ لەناو بردنی باوکی دایە. هەستی بە فێر کردنی خزمەت کارەکانی دەکرد لە لایەن گۆنریلەوە فێر کرابن, کە هەموو شتەکانی لیر پشت گوێ بخەن. بەڵام ناکرێ واز لەگاڵتە مانە ئامێزەکانی بهێنێ و ناکرێ شایەکی گەمژە هەڵەکانی بیر نەهێنرێتەوە، چۆن هەر لە سەرەتا دا بە لیر دەڵێت( ئەو کچە پیسە)، کە مەبەستی گۆنریڵە. ئەبوایە داڵدە و دڵنەوایی باوکێکی پیری برکردبایە .هێشتا لیر دەرنەکرابوو بەهلوول ئەمەی وتبوو.

گۆنرێل: بێزار بوو لەژیانم لەگەڵ تۆ. سەربازەکانت زۆرن ،با باوکیان رسقیان بدات .
بەهلوول نایەوێت راستەوخۆ شتەکان بە لیر بڵێت بۆ ئەوەی نەبێتە هۆی دڵتوندی لیر، لیر لە وەڵامی گۆنرێل دەڵێت :
ئەوانەی لەگەڵ منن بێدەنگن و مرۆڤی بەرێزن، رێگا بەتۆ نادەم بەم شێوە درۆزنانە باسی پیاوەکانم بکەیت. خوا دڵی گەورەیە کچێکی تری داومەتێ .

لیرێک دووای هەنگاوی یەکمیشی کە هەڵەکانی خۆی بۆ روون بۆوە، هێشتا ناوی کۆردیلیا ناهێنێ و دەڵێ کچێکی ترم هەیە ناڵێت دووان .لیری دڵڕەق و سەرگەرم تەنیا بەرەشەبا و باران سارد دەبێتەوە .
لیر: کچەکەی ترم رێزم دەگرێت دڵنیام بە شێوازێکی باش پێشوازیم لێ دەکات دەشزانێت کە ئەرکم لەسەریەتی، کە تۆ پێت ئەوت پیس و بەدفەرە .
هەر لەپێش گۆنرێل دوعای لێدەکات و دەڵێت:

لیر : خوا تۆڵەی منت لێ بکاتەوە، بتکاتە پەندو بەهیچ شێوەیەک منداڵت نەبێت وەهیچ مرۆڤێکە خێر و رەحمت پێ نەکات لەخەمان، لەشەرمان ،لەشەرەنگێزی خۆت، بمری.

بەهلوول هەموو ئەو بریار و دووعایەی لیر بەگاڵتەجارێکی تازە دەزانێت

بەهلوول: بۆمن بێت مامە دوو گاڵتەجار، یەکێکیانیت دەدەمێ بۆ ئەوەی لە چاوی خۆمەوە گاڵتەجارە ڕاستەقینەکە بدۆزمەوە,,,, کە گومانم لە تۆ یە دەرچیت..
لیر : ئەی چی لەگاڵتەجارەکەی تر دەکەیت لەکوێیە؟
بەهلوول : ئەوەتا مامە ( ئاماژە بۆ لیر دەکات) .

لیر ئەبێ چاوەڕێی چی بکات لە ڕیگانی کچی دووەمی؟

بەهلوول:پێوست ناکات چاوەڕێی شتی باش بکەی ,لەئێستاوە دوو دڵۆپە فرمێسک بۆ هەڵەکانت هەڵڕژە، پاشان تامیان بکە، یەک تامن، لەتۆوە بوون، بەڵام تۆ نەبوی لە کۆشکی خۆت هەردووکیانت دڵدابوو؟ئەی دوو تاجت لەسەر نەنان؟!ئەی مەملەکەتەت بەسەر دوو گورگ دابەش نەکرد؟ ئەمرۆ توشی پارچە یەکەم بوویت لە دووان، بێ بەش دەبیت ..لەماڵێک بۆ ماڵێکی تر دەرۆیت، کە بەشت لەوێش نیە ..دوو زۆڵت  هەبوو مامە نەک کچ .
لیر: ڕاست دەکەی شێتی عاقڵ. بەڵام کاتی پەشیمانی بەسەر چوو،تازە ناتوانین هیچ بەرامبەر بە رابردوو بکەین ..کچی ترم هەیە، ئەو وانییە دڵنیام دەرگاکانم بۆ واڵا دەکات، ڕۆژگاریش ڕاستی قسەکانم دەسەلمێنن .
لیر دەیەوێت ماوەی ژیانی لەلای ریگانی کچی دووەمی بەڕێ بکات ،نێردراوی خۆی کەوەزیرە شاراوەکەیە ،کێنت بە نامەیەکەوە رەوانەی لای  ریگان دەکات، تا پێی بڵێت پاش ماوەیەکی کەم لیر دەگاتە لاتان و پێشوازی لێ بکەن . بەڵام نێردراوی گۆنریڵ

،که خزمەت کارەکەیەتی لە هەمان کات دەگاتە کۆشکی ریگان، هیچ لەبەردەم کێنت نامێنێ بۆ ریگانی باس بکات, یان باسی کێشەی دەرکردنی لیر بکات لەلایان گۆنریلەوە, یان بڵێت من نێردراوی باوکتم.. دەر ئەنجام فەلاقە چاوەرێیەتی .

کێنت: خۆسەگی بەردەمی دەرگای ماڵی باوکت بوومایە هەر ئەو رەفتارەتان لەگەڵ دەکردم .

ناکرێ ئەم دوو خوشکە پێشتر هیچ قسەیەکیان لەبارەی ئەم لێکچوونانەیان نەکردبێ ،کە لە دەقەکە هیچ باسێکی لێوە ناکرێ ,چونکە تەنیا نامەیەک بەس نیە  بۆئەوەی  نێردراوی باوکی فەلاقە بکات، بەڵکو پلانی چەندین شەوی بەیەکەوە نووستن و داخ باس کردنیان لە لای یەک بوون. ئەم دوو خوشکە بە پلان  کاریان بۆ ئەم ڕۆژە کرد, ئەگینا بەرێکەوت نەبوو.ئەگینا خزمەتکاری خوشکی و نێدراوی باوکی, هیچ جیاوازیەکی بۆ ریگان نیە.
هەر پاش ماوەیەکی کەم لەفەلاقە کردنی کێنت ،لیر دەگات و زۆر تورە دەبێت. وەڵامی ریگان چی یە؟

ڕیگان: وابزانم خوشکەکەم لەسەر هەق بوو.. ئەی باوکی پیر تۆزێ هێور و لەسەرخۆبە ، گۆنرێڵ سەر و هۆشی لە دەست و پێوەندەکانت نەمابوو.

هەشتا ساڵییەکی وەک لیر تا ئێرە بڕوا بە گەمژەیی خۆی ناکات و دەڵێت

لیر : ئەوەی چاو دەی بینێت دەبێت راست بێ ؟!

لیر ناتوانێت بڕوا بەم قسانە بکات کە لە کچی دووەمی گوێی لێدەبێت ، وا دەزانێت لە خەو ئەژی, بروا بە راستی بوونی رووداوەکان ناکات .
گۆنرێل نەک تەنیا خراپ بوو، بەڵکو بێ بەزەیی بوو بەرامبەر بە باوکێکی هەشتا ساڵانە، تەنانەت رقیشی لێبوو، ئەوەتا لە نامەیەک بۆ (رێگان) رێگای نیشان دەدات، یان پێش نیاری ئەوە دەکات، کەئەو پێ ی وتووە ئەبێت پەنجا سوار چاکت هەبێت, بەلا□م تۆبڵی 25 زۆرە.(رێگان) یش دەڵێت پێنج بەسە, گەر نەت بێت باشترە, چونکە خزمەتکارەکانی من هەتاهەتایە لەخزمەت تۆ دا دەبن .
لێرەوە لیر بۆی دەردەکەوێت دووەمین کچی زۆر چاکتر نیە لە یەکەمین،، تا ئێرەش لیر نکوڵی لە بوونی کچی سێیەمی دەکات .

لێر : وەرن بابڕۆین نێردراو بەهلوولەکەم . جارێکی تر من نابینەوە .

بۆکوێ ؟! (لیر)ێک بستە خاکێکی لەژێر دەستی خۆی نەهێشت, بەتەمای چ کۆشکێک دەروات؟پێچەوانەی کەشتەیەکانی دوونیا رووە و باو  باران ،بەروە ڕەشەبایەکی ڕوومەت بڕ

ڕەشەباوشێتیەتی لیر

شەوێکی ساردو باراناوی، کچەکانی لیر باوکیان دایە دەست ڕەشەباو هیچ بەزەییەک لە گونرێل وریگان نەبینرا,(لیریش) چاوەڕێی بەزەیی ناکات........
لەناو ڕەشەباکە لیر وانەیەکی تر فێردەبێ کە تەنیا دوو دڵسۆزەکەی لەگەڵ دەمێنێ کە کێنت و (بەهلوول)ن ...دەست و پێوەندەکانی لەگەڵ ڕەشەباکە وون دەبن ، ئیدی لیر ناتوانێ خۆی بەخێو بکات چۆن ژیانی ئەوان دابین بکات؟
تورەیی ڕەشەباکە لە تورەیی خواوەند دەچوو,لوورەو هاژەی ڕەشەباکە لە شێوەی نێردراوێکی دۆزەخی بوو، کە بۆ دڵڕەقی کچەکانی لیر هاتبێ,بەڵام ئەوان لە کۆشک و تەلاری خۆیانن ..تەنیا لیرە, کە دەتوانێ بەرەو ڕووی ڕەشەباکە ببێتەوە ,ئەوەتا دەڵێ:
لیر:دایکوتە، با ڕوومەتەکانم شەقار شەقار بێ..................

لیر هێشتا ڕەشەباکەی پێ دڵنەرمترە لە کچەکانی

لیر:هاوارکە ئەی ڕەشەبا تورەو توندەکە ,تۆی بێزارکەری مەملەکەتەکان، ئەرزەکەی بکە بەدوو بەشەوە، لەت لەتی کە ,دارەکانی لە ڕەگ و ڕیشە هەڵکێشە ,خۆڵە بێ سودەکەی لێ فرێدە, کە بە کەڵکی هیچ نایە, دوایی دایکە باران بۆ بەشە بەسودەکەی ..

تورەیی رەشەباکە زۆر زۆر ترە لە تورەیی لیر,,گرمە گرمی بروسکەو تروسکەی توورە چاویان کوێر دەکرد,تورەیی ئاسمانە لە زەووی ,,توورەیی زەووی لە مرۆڤەکان

لیر:تورەبە،ماڵی کچەکانم خاپوور کە .ئاخ لیر دوو بەچکە گورگت پەروەردە کرد,,بیبارێنە، ئەو دۆزەخەی من دامرکێنە ..

لە تورەترین ساتەکانی لیر, یادگاریە تاڵەکانی بیر دەکەوێتەوە و گوێی لە قسە هەڵخەڵەتێنراوەکانی کچەکانیەتی ,کە لە کاتی دابەش کردنی مەملەکەتەکەی..لیر بەراوردی خۆی دەکات لەگەڵ ئەوان..

لیر:هەڵخەڵەتام...زەینم هەڵی خەڵەتاندم ,قسەی کچەکانم هەڵیانخەلەتاندم ,,بەرامبەر خۆشەویستیان لە خشتیان بردم ..جا تۆ بۆ تورە نابی ؟؟..دەهەڵیکە ئەی رەشەبا, توورە تر تا شاخە بەرزەکان ژێرخاک دەکەیتەوە .....

ئەو شێتیەی لیر و بەهلوول ، خۆگۆرین وخۆشێت کردنی کێنت وئەدگارد،جیاوازە. جیاوازی هەر یەکەیان لەگەڵ ئەوی تر، پەیوەستە بە گۆڕان لەباری کەسایەتیەکان ,تەنیا بەهلوول نەبێ سروشتی کەسیەتیە کەی وایە ,هەچەندە ئەویش هەندێ کاریگەری بەسەرەوە هەیە بەتایبەت لە دووای دەرکردنی کۆردیلیا...

لیر:کوا بەهلوولەکەم نایبینم؟
دەستوپێوەند:لەوەتەی کۆردیلیات وەدەرنا,بەهلوول دوونیای لێ تاریک بووە

بەڵام تەواوی سێ یەکەی تر, بە مەبەست خۆیان بەشێت نیشاندەدەن .ئەدگارد لەترسی کوشتنی و لە ترسی پلانەکانی ئەدمۆند ،پێوستی بە خۆگۆرین هەبوو.کێنت بۆسەلماندنی وەفادای ئەبوایە خۆی بگۆڕێ ,وەفای بۆ لیرو بۆ مەملەکەتەکەی...بەڵام لیر بەهۆی لەدەستدانی پێگەی خۆی و بۆ باجدانی هەلەکانی وای بەسەر هات .ڕەنگە سروشتی رەشەباکە کە هاوشێوەی شێتیەتی لیر بێ,پێویستە شێت دیار بێ....ناتوانین لیر بەشێتێکی تەواوەتی ناوی ببەین.چونکە هۆشیارەو ئاگاداری گشت شتەکانە ,لەوانەیە لەسەرەتادا شێت بووبێ .....
لیر لە کەشێکی ئاوا تورە شەوی بەسەربرد,دڵ پڕلەئازاروو خەم. ئەبێ کێ دیسان ڕێنمایی بکات و دڵی بداتەوە، بۆ ئەوەی ساتێک خۆی لەبیر بکات وئارامی بێتەوە..کێنت بەخۆگۆرینی خۆی وەفای بۆ لیر لە ڕەشەبا نیشاندەداتەوە,(بەهلوول)یش سەرباری هەموو گاڵتەکانی, ئەوەتا لە ناو ڕەشەبا دەستی لیر دەگرێ ودەلّی

بەهلوول:مامە.. مامە.. وەرە ناو ئەم کۆخە لەدار دروستکراوە.

(بەهلوول)یش دەیەوێ لیر لە شێتی خۆیی و تورەیی رەشەبا بپارێزێت، بۆ ساتێکیش بێت بۆ لیر پێویستە لەبەر تورەیی

ڕەشەبا بێ، چونکە دوعاکانی خۆی بە ڕەشەبا ئەسپێرێ, بۆ تۆڵە لە کچەکانی.
ئازاری پرسیارەکانی لیر لە خودی خۆی,زۆر لە ئازاری ڕەشەباکە زیاترە.تا ئەو ساتەش لیر بەسەری خۆی دادەکێشێ, بروا بە دەرکردنی خۆی ناکات.

لیر: لە شەوێکی ئاوادا کچەکانم دەرم دەکەن ؟ لە شەوێکی ئاوا دەرگای ماڵەکانیان لەسەرم دادەخەن؟ منێک بێبەشم نەکردن لە مولک و سامانم, کەچی ڕەشەباتان لە دڵم هەڵکرد.

پاشاییەکی بێ مەملەکەت تازە بەتازە دەیەوێ ڕقی هەبێت,, بۆ ئەوەی قەدەری خۆی قوڵتر بکات.لیر هەر خۆی ویستوویەتی ئەم یارییە بە چارەنووسی خۆی بکات. پێ دەچێت لیر لەم جۆرە کەسانە بووبێت کە تام لە ئازاردانی خۆی وەربگرێ(سادیزم).

لیر: بەڕووناکی تاریکیم کرِی، بە زانیاریم جەهلم کرِی، بە مەدح کردنم مەملەکەتم پارچە پارچە کرد.

ئەم دایلۆگانە پێشوەختیش لەلایەن بە(هلوول)ەوە پێ ی دەوترێ.

لیر: بەلێ دوور لە ئاگاییم ڕەفتارم کرد، نزیک لە خراپە بووم. گەر بەم شێوەی ئێستا تێبگەیشبام قەت قەت وا نەئەگریام.
بەهلوول: من نزیکترین کەسم لە تۆ، وەک پشتێنی تۆم. گەر تۆ ڕێگات دابووایە ئەوا من مەملەکەتەکەم بە شێوەیەکی عادیلانە دابەش دەکرد.

ئەدگارد یان تۆمی هەژار یان شەیتانی جەنگەڵ
ئەدگاردێکی هەڵاتوو لە دەست چارەنووسە رەشەکەی، کە بەدەستی حەرام زادەیەکەوەیە ،ئەبێ بە شێوەیەکی تر خۆی نیشان بدات. ئایا لیر ئەو پەناگە ئارامەی خۆ گۆڕانە؟چی کێنت و ئەدگارد کۆدەکاتەوە لەگەڵ لیر؟ ئایا مولْک و سامانەکەیەتی یان زیرەکیەکەیەتی؟
دەکرێ لیر و ئەدگارد هاوشێوەی یەکتر بن، لە نەزانی و هەلخەڵەتاندنیان، خۆش باوەڕی لیر بە کچەکانی, هەمان خۆشباوەڕی ئەدگاردە بە برا حەرام زادەکەی، هەردووکیان هەڵاتووی نەزانی خۆیانن، قەدەریش ڕەقتر لەکەسە نزیکەکانیان دەیانخاتە بەر رەشەباو باران.
بەڵام کێنت خۆی ئەم قەدەرەی بۆ خۆی دیاری دەکات و بە دوایی لیر دەکەوێ، وەک وەفایەک.
لەوانەیە دەرکەوتنی ئەدگارد بە شێوەی تۆمی هەژار, کەمێک بار سوکی بخاتە سەرشانی بەهلوول. یان بە مانایەکی تر بەهای بەهلوول کەم بکاتەوە، چونکە لیرێک تەنیا ئەتوانێ شێتێکی هەبێت. بەهلوول لەرەشەباکە سەرئەکا بەکۆخەکە و بەراکردن دێتەدەر و دەڵێ

بەهلوول: ئاگاداربن هاوڕێیان، لەم کۆخەدا شەیتانێکم بینی، زۆر کەللەڕەقە و دەڵێ: ناوم تۆمە نازناوی خۆشی ناوە هەژار و گوناە، لەشێت دەچێ، ئەوەی من بۆی دەچم، ئەمە شەیتانی جەنگەل بێ.

بەڵام, کە ئەو شەیتانە هەژارە لەکۆخەکە دەرکەوت, رەنگ و رووخساری شێواو و جل و بەرگێکی دڕاو و شڕ و شپڕی لەبەردابوو، هەڵگری دونیا خەمێک،(لیر)یش بانگی دەکات

لیر: چیتە ئەی کورە هەژارەکە؟ کچەکانت دەریان کردووی؟ لەپاش دابەشکردنی موڵکەکانت تۆش دەربەدەر بووی؟

لیر تا ئێرەش هەست بەئازاری کەسانی تر ناکات، تائێرە گوناه و گوناه کەر لیک جیا ناکاتەوە، هەموو نەهامەتیەکان لەکچەکانی خۆی دەبینێتەوە، ئەی کچە باشەکەی؟ کە لیر خۆی دەربەدەری کرد؟ کۆردیلیا چی بەسەرهات؟
هاتنەوەی (گۆلستەر)یش تەنیا نواندنی وەفادارییە،کە دەستی لیر و هاوڕێکانی دەگرێ و دووبارە دەیانباتەوە کەلاوەیەکی نزیک کۆشک، کاتێکیش کێنت لێی دەپرسێ بۆچی هاتووی بەم شەوە؟

گلۆستەر: گەڕانم بەدوای لیر زۆری کێشا، بۆ ئەوەی داوەتی ماڵێکی نزیک کۆشکی خۆمی بکەم. ئەوەی من خەمی پێدەخۆم ئەو شێتی و نەهامەتیەیە.
کێنت: پیرەکەمان نزیکترین کەسە لەشێتایەتی.
گلۆستەر: نیوەی ئەوەی بەسەری هاتووە بەدەستەوەدانی عەقلییەتی بە(شێتی).
دوای چوونیان بۆ ماڵەکەی نزیک کۆشک، گلۆستەر بەجێیان دەهێڵێ ،لیر لەگەڵ هاوڕێیەکانی دادەنیشێ, بۆئەوەی بۆ ساتێکیش بێ ئارامی بێتەوە. بەڵام بەپێچەوانەوە دەچێتە ئەو پەڕی شێتیەتی

و دەست دەكات بەدامەزراندنی دادگایەكی درۆزنانە و دەیەوێ حەقی خۆی لەكچەكانی وەرگرێتەوە ،هەر خۆشی دەبێتە شاهید لەسەریان.

گلۆستەر كێیە؟

ئەو ڕاوێژكارە ڕاستگۆیەی لیر بوو, كە هەر دەم هەوڵیدا ئاگاداری لیر بێ و هاریكاری بكات، بەو حاڵەی لیر زۆر دڵتەنگ بوو، لەوەفاداری بەرامبەر بەلیر لەدوای كێنت و كۆردیلیا دێت. گلۆستەر دوو كوڕی هەبوو، ئەدگارد و ئەدمۆند. یەكەمیان وێنەی وەفاداری و راستگۆیی بوو. بەڵام ئەوەی دووەمیان حەرامزادەیە. هاتنە دونیای ئەو تەنیا لەشەوێكی لاوییەتی گلۆستەر بوو كە ئەچێتە لای ژنێك و ئەدمۆند لەدایك دەبێ. دایكی ئەدمۆند شوو دەكات و منداڵە زۆڵەكەشی دەبێ بەهی گلۆستەر، گلۆستەر هەموو زەوی و زارەكەی خۆی بۆ كورە حەلال زادەكەی تەرخان دەكات،زۆڵەكەشی لێ بێبەش دەكات.

ئەدمۆند دەیەوێت بگاتە پلە و پایەو موڵكداری، بەڵام بەشێوەیەكی خراپ دەست بەهەنگاونان دەكات. ئەدمۆند هەڵدەستێت بەدارشتنی پلانێك بۆ لەناو بردنی براكەی، دەڵێتە باوكی، كەوا ئەدگارد پلانی كوشتنی بۆ باوكی داڕشتووە. حەزی بەموڵك و سامانی باوكێیەتی، ئەویش لەرێگەی نامەیەك دەبێت كە ئەدمۆند وای نیشان دەدات كە لەرێی ئەدگاردەوە پێی گەیشتووە، (ئەدگارد)یش بەبێ ئاگا تەنیا ئەوەندە هەست دەكات, كە باوكی بەدواوەیەتی بۆ ئەوەی بیكوژێت. لەو رۆژەوە ئەدگارد بەشێوەی شێت یان شێتێكی هەژار دەردەكەوێت، كەناوی خۆی نابوو تۆمی هەژار، كە بەهلوول بەشەیتانی جەنگەڵ ناوی دەبات. ...

(گلۆستەر)یش هەر زوو وەک لیر کەوتە داوی رۆلە بێ وەفاکەی ،دەکرا گلۆستەر وا بە ئاسانی بڕوا بەم نامەیە نەکات کە زیاتر لە بیست ساڵ ئەدگاردی کوری بەخێو کرد بەبێ دایک ،ئەم رەفتارە لە کوورە حەڵاڵ زادەکەی نەدەهات .....دووبارە هەڵە سادەکانی لیر دووبارە دەکاتەوە ,هەمان هەڵەی سادەی کەسایەتیەکانی لیر دووبارە دەبێتەوە ،وەک نامەکەی گۆنڕیل بۆ رێگان یان نامەی ئەدگارد بۆ ئەدمۆند یان نامەکەی کۆتای کە دەگەرێندرێتەوە بۆ ئەلبانی ....لە ڕاستیدا نامەی دووەمیان ئەدمۆن بۆئەدمۆنە ،ناکرێ ڕاوێژکارێکی بەتەمەنی شایەک ,وا بەئاسانی هەڵخەڵەتێ ...بەڵام لەوە دەچێ مەملەکەتەکەی لیر دوو جۆرە کەسی لەخۆ گرتبێ،کەسانی سادەو خۆشباوەر ،کەسانی زۆڵ و پلاندانەر ..تاکە تاکەش دەبنە قوربانی، وەک کێنت و ئەدگارد و کۆردیلیا ....

ئەدمۆند حەزی زۆری بۆ دەسەڵات هەبوو جا چ بەشێوەی درۆو چ بەشێوەی فرت و فێلەکانی, ئەیوست بگاتە دەسەڵات ،ئەوەی بیری لێنە□دەکردەوە مرۆڤایەتی بوو. زۆر بەئاسانی توانی براکەی لە کۆشکی باوکی بەدەرنێ،،پاش دەرکردنی ئەدگارد, حەزی ئەدمۆند تێر نابێ و دەیەوێ دەسەڵاتی مەملەکەتیش بگرێتە دەست ،ئەویش بە نیشاندانی چەند لایەنێکی خراپی خۆی، وەک کوشتن و چاو دەرهێنانی باوکی کە دەبێتە جێی سەرنجی رێگان و گۆنریل, بەشێوەیەکی ناڕاستەو خۆ مەملەکەتەکەی دەخەنە ژێردەست, بەناوی پاراستنی مەملەکەت ،پاشانیش کەوتە دانانی پلانی هەرە گەورەی خۆی ،ئەویش پەیوەندی بەستن لەگەڵ هەردوو خوشکەکە بوو،پڕکردنی سنگی گۆنریل لە

ڕێگان ،بەپێچەوانەشەوە ....ئەو هەموو باوەڕەشی لەبەدەستدانی باوکی بۆکچەکانی لیر پەیداکرد ،کە ووتی باوکم سیخوری بۆ لیر دەکات ....
ئەدمۆند جگە لەوەی حەزی لەدەسەڵاتداری و مولک داری بوو، ئەوەندەش خەمی بە زۆڵی خۆی دەخوارد,هەر لە یەکەم دەرکەوتنی گلۆستەر بەزۆڵ بە کێنتی دەناسێنێ...

ئەدمۆند:بۆ پێم دەڵێن بیژوو یان سوک و خوێرو ؟خۆ گشت ئەندامەکانی لەشم کۆک و لەبارن .....

گلۆستەر کەزانی کچەکانی لیر زانیویانە کە باوکیان لەنزیک کۆشکی گلۆستەرە، بەپەلە خۆی گەیاندەوە لای لیر و داوای لێکرد کە رووەو دۆڤەر بروات ،بروات بۆلای کچە پاکەکەی کە کۆردیلیایە ....راستە گلۆستەر لەکاتی دابەش کردنی مەملەکەتەک بێ دەنگ بوو ,بەڵام لێرە ڕێگای ر□است بەلیر نیشان دەدات ....لیر لەقسەکانی گلۆستەر نەدەگەیشت، بەڵام کێنت زانی ناهەمواریەکی تر چاوەڕێی لیر دەکات،زیرەکی کێنت لە خێرا تێگەیشتنی بوو،بەپەلە خۆیان کۆکردەوە, پێش ئەوەی کات بەسەر بچێ لیر دەروات...هێنانەوەی لیر لە رەشەبا بۆ خانووێکی نزیک کۆشکی گلۆستەر, تەنیا پێویستی چنینی(حبکە) دووەم بوو,کە چیرۆکی گلۆستەرو کورەکانی بوون ،ئەگینا چۆن ئەدمۆند بیسەلماندبایە کە باوکی سیخوری لیرە؟
گەڕانەوەی گلۆستەر بۆ کۆشک، بە پەل بەستنی دەبێت لەلایەن ڕێگان وگۆنرێل ومێردەکەی، کە ئەدمۆند زانیاری پێدابوون ,کە

باوکی لیری هەشتا ساڵەی حەواندۆتە ...دەستەکانیان شکاندوو قژوو ریشیان دەرهێنا ،دواتریش لەلایەن مێردەکەی ڕێگانەوە چاوەکانی دەرهێنراو بێبەزەیی فرێدرایە دەرەوەی کۆشک..... گڵوستەر بەهەنگاوە وردەکانی خۆی دەگەیەنێتە لیر

لیر: چیت لێ بەسەر هاتووە؟
گڵۆستەر : لاچۆ با نەگبەتی من تۆ نەگرێتەوە ..
لیر: بڵی چی بووە؟ ,تازە من تۆ جێناهێلم , مادامەکی رووناکی دوونیایان لێسەندیتەوە ..
گڵۆستەر : لە ڕێگا هیچم نە ئەبینی و هەستم بەهیچ نەدەکرد تەنیا هەڵەکانی تۆنەبێ،،،چاوەکانم لەهەڵەکانت دانەئەخران ،لیر خۆم بیر چووبوو کە کوێرم......

ناسینەوەی تۆمی هەژار مەحاڵ بوو, گەر لەرێگای دەمی خۆیەوە نەبووایە ،لەیەکەم بەیەک گەیشتنی گڵۆستەرو ئەدگارد, دووای خۆ گۆرینی،ئەدگارد دان  بەخۆی دا ئەگرێ بۆ ئەوەی نەناسرێ کە خۆی گۆریوە ...گڵۆستەر داوا لە میرێکی پیر دەکات کە رادەستی ئەو شێتە هەژارەی بکات

میر: چۆن بتوانم ئەمانەتی دەستی شێتێکت بکەم؟؟
گڵۆستەر :بۆتە یەکێک لەوانەی کە بە عاقلمان دەزانین ,,فێڵبازەکان لەڕۆژێکی رووناک دەستی خۆیان وەشاند....لە دیدی منیشەوە ئەو شێتە عاقلترو بە ویژدانترە ...هەندێ جلی بۆ پەیدا بکەن باسەرمای نەبێ

میر:چ جل وبەرگێکم هەبێ بۆی دائەنێم.

گلۆستەر لەسەر داوای خۆی درایەوە دەستی ئەدگارد، بێ ئەوەی بیناسێ..ئەم بەیەک گەیشتنەوەیە هاو شێوەی بەیەک گەیشتنەوەی لیر و کۆردیلیا دەبێت. کە لەپاشان بەیەک دەگەنەوە ..

دوای باجدانی لیر و گلۆستەر، تەنیا دوو رۆلە بەوەفاکانیانن باوەشیان بۆ دەکەنەوە، ئەدگارد وەک رێ نیشاندەرێ دەستی باوکی گرتوە ،کۆردیلیاش خێوەت بۆ لیر هەڵدەدات.

دەربازبوون لە ئاکامی کردەوەکان ,شتێکی مەحاڵە لەلای شکسپیر،هەر هەموو کەسایەتیەکان لەکۆتایی دەبێ بەپێی ئاکامی چاکەوخراپەی خۆیان پاداشت وەرگرن..

گلۆستەر :رێگای دۆڤەر شارەزای؟

ئەدگارد: هەموو شوێنە شاراوەکانی شارەزام ..هەموو چاکەو خراپەکانی ئەناسم.

گلۆستەر: بمبە تا دەگەمە لوتکەیەکی بەرز ،کەبەسەر دەریاوە بروانێ تا لەوێ کۆتایی بەهەموو زام و ئازارەکانم بهێنم..ئەم برە پارەیەش با بۆخۆت بێ, وەک پاداشتێک..

تۆمی هەژار, هەژارتر لەدەربرینیا تەنانەت نەتوانێ دلۆپە فرمێسکێ بەدەنگ هەڵرێژێ, نەبادە بناسرێتەوە ،باوکی ئەباتە لای بەردێکی نزم بۆ ئەوەی لەوێوە خۆی هەڵدا..

ئەدگارد:لەم لوتکە بەرزتر نادۆزمەوە. تەنانەت کەشتیە گەورەکانیش لە مشکێک بچوکتر دێنەبەرچاو،هیچ ماسی گرێکیش نابینرێت،،ئەمە لوتکەیە, خۆت هەڵدە .

گڵۆستەر دەیەوێ باجی چی بداتەوە؟؟یان دەیەوێ لەئازار رزگاری بێت
تاکە هەڵەی گڵۆستەر خۆشباوەڕی بوو بە فێڵەکانی ئەدمۆند،باجەکەشی تەنیا بۆ لێخۆش بوونی ئەدگاردی کوری بوو, کە دەربەدەری کردبوو ..
دوای خۆهەڵدانی گڵۆستەر لەشوێنە نزمەکە، ئەدگارد بەدەنگێکی تر دێتە پێشەوە.

ئەدگارد: گەورەم چۆن توانیت لەم بەرزایە خۆت هەڵدەی و پشتت نەشکێ؟؟
گڵۆستەر : بەرزایەکە چەند بوو کە خۆم لێ هەڵدا؟
ئەدگارد :نازانی بەرزایی هەورەکان تا قولایی دۆڵەکان چەندە؟ چاوم لێبوو لە بەرزی لوتکەکەوە بونەوەرێکی سەرنج راکێشت لەگەڵدابوو ،چاوەکانی لە دوو مانگی گەورە دەچوون ،بەسەدان شێوە دەهاتە بەر چاو ،لە شەیتانێکی دۆزەخی ئەچوو ،بەڵام خواوەند رەحمی پێکردی لەو شەیتانە نەجاتت بوو ،وادیارە خواوەندت لەپشتەو ئاگادارتە..

هەموو ئەم قسانەی ئەدگارد تەنیا بۆ رازی کردنی باوکیەتی, کەباوەری پێ بهێنێ کە هیچ گوناهەکی نەکردووە و خواوەند لە

پشتییەتی ..
گڵۆستەر لە زەویەکی کشتوکاڵی توشی لیر دەبێتەوە .

گڵۆستەر: ئەوەی من دەیبینم تۆش دەیبینی؟پێموایە ئەم دەنگە دەنگی لیرە..

لیر بەخۆی و تاجە گوڵینەکەی لە شێتێکی ئارام دەچێ, بروا بونی بەلەدەستدانی دەسەڵات و مەملەکەتەکەی قبوڵ کراوە، دەبێ وەک شێتێکی ئاسایی بژی .

لیر : هەموو ئەندامەکانی لەشم و تاڵە مووەکانم دەڵێن من لیرم.

دووای ئارام بوونەوەی ڕەشەباکە( لیر)یش ئارامی دەبێتەوە، کەس چاوەڕێی گۆرانکاری تازەی نەدەکرد، کێ ئەیزانی کێنتی بەوەفا هەموو ڕووداوەکانی لە کۆردیلیا گەیاندووە ،کۆردیلیاش بەخۆیی و لەشکرێکی گەورە بەرێگاوەن بۆ ئەوەی لیر لە دەستی زوڵمی هەردوو کچەکەی ڕزگارکەن...
(لیر)ێک کە تا دووا ساتەکانی ژیانی کۆردیلیای لە زهنی خۆی بەدەر نابوو، کەچی کۆردیلیای بێ بەش و دەرکراو، بێ بەش لە سۆزی باوکایەتی، دووا داڵدەی لیر دەبێ..ناکرێ شکسپیر هەموو ڕۆلەکان بێوەفا نیشان بدات.
کۆردیلیا کۆمەڵێ لە پیاوانی خۆی ئەنێرێت بە دووای لیری سەر بە تاجە گوڵینە ،لیر و گڵۆستەر و ئەدگارد دەبینەوەو لیر دەستگیر دەکەن و ئەیبەنە لای کۆردیلیا،لەوێ پزیشکی تایبەت و

خواردن و پێخەف چاوەرێی دەکات، بەڵام لیر بێ هۆش لەسەر پێخەف کەووتوە و بەتەواوەتی تێکچوە ..

پزیشک: خانمەکەم دەمێکە لەهۆش خۆی چووە ،بەدەنگی مۆسیقا خەبەری کەینەوە؟
لیر لە خەوێکی ئارام هاوشێوەی گۆرەکەی خەوتوە.
لیر: ئێوە غەدر لەمن دەکەن, کە لەگۆڕەکەم دەرمدێنن ،مردن باشترین پشوی منە کە لە نەهامەتیەکانی دوونیا رزگارم دەکا.
دەبویە ئێرە کۆتایی لیر بوایەو لیر لە خەوەکەی هەڵنەستابووایەوە ،چونکە باجی هەڵەکانی خۆی دایەوەو گەیشتە دوا ئاکامی خۆی،بەڵام مەرگەساتێکی ئاوا گەورە پێویستی بە قوربانی تر هەیە ...
هەڵسە لیر لورەی ڕەشەبانیە دەنگی مۆسیقایە ،کەلاوە کۆخەکەی بیابان نیە, خێوەتی کۆردیلیای کچتە ,کەنابێتە گۆرەکەت.
کۆردیلیا: بۆ چاک بونەوەی هەموو هەوڵی خۆت بخە گەر تا بەهۆش خۆی دێتەوە ..ئەی خوایە کەی ئەم دەم و چاوە ریش سپیە بەرگەی رەشەبا دەگرێ. باوکەگیان حەیف چۆن لەکۆخێکدا لەگەڵ شێت و چەتەکان خەوتی ؟خۆ تۆ خاوەنی مەملەکەت بووی .چۆنیت گەورەم؟؟
لیر: تۆ فریشتەی ئاسمانی؟؟بۆچی هاتووی ؟؟ چیت ئەوێ؟؟
کۆردیلیا : دەمناسیتەوە ؟؟
لیر: بەڵێ تۆی رەنگ سپی لە مردوو دەچیت،کەی زیندوو بویتەوە؟؟
شێتی و لەدەستدانی عەقلی لیر, بە گۆڕانی لە پلەو پایەو

جێگاکانیەتی،هەر دووکیان بە هاوتەریبی دەڕۆن ،سەرەتا لە کۆشکەو پاشایە ،دووایی لای گۆنریڵەو میوانێکی بێزارکەرە و خەوی لە خاوەن ماڵ تاڵ کردووە ،لەلای ریگانیش پێشوازی لێ ناکرێ ،لە(رەشەبا)ش, لەگەڵ شێت و چەتە و لە دوواتریش بەرەلای دەشت و تاجە گوڵینەی بەسەرەوەیە ،ئێستاش لە خێوەتێکی گەرمی شاهانە و جل و بەرگێکی گەرمی لەبەردایە ،ئەبێ لیر چۆن بێ؟؟

ئاسان نیە بروا بەشوێنی خۆی بکات یان بزانێ لەکوێیە ..ئەوکچەی کەلیر باسی نەدەکرد زیندو بۆتەوەو هاتۆتە هانای ،بەڵام ناکرێ لیر لەم دیمەنە سەد لە سەد بێ ئاگا بێت ,چونکە دەڵێ : تۆ مردبووی چی تۆی هێنایەوە؟

بەڵام بۆ ئەوەی شتەکان لەناکاو نەگۆڕێن و مێشکی لیر قبوڵیان بکات ،پێویستی بەخۆ خەلفاندنێک هەیە ..لەوانەشە لیر هەمان خۆگۆڕینی ئەدگارد و کێنت دووبارە بکاتەوە ،وادیارە کە شتێکی باوی ئەم سەردەم بووە.

لیر : من نازانم نوستوم یان بەئاگام.ئەم جلانە چین لەبەرمدا ؟ ئێرە کوێیە ؟ کەی ئەو وەڵامانەم دەست کەوت, ئەوسا بیر لەتۆ ئەکەمەوە تۆ کێی...من نازانم دووێنی لە کوێ بووم .بەڵام لەوە دەچێ تۆ کۆردیلیا بیت.فرمێسک مەڕژە, تامی فرمێسکەکانت زۆر سوێرن ,پڕن لە خەم و خەفەت،،دەزانم تۆش ئێستا رقت لێمە ،،چۆن رقت لە خوشکەکانت بوو ئاواش لە من ..

کۆردیلیا : خۆت مەدەرە دەست خەمەکانت ،لەخۆشی زیاتر هیچی تر نابینی .

لیر تا ئێرەش دان بەهەڵەی خۆی نانێ بەرامبەر بە کۆردیلیا،هەست

بەو زوڵمە ناکات کەلێی کردووە, بۆ پاش مردنی هەڵی دەگرێ...
لیر هەر لەسەرەتاوە خۆی بێ هیوا کرد بە نەهێشتنەوەی بستە خاکێک بۆخۆی ,گوێ نەدان بەکێنت و دەرکردنی ،هەڵخەڵتانی بە قسەی کچەکانی و بێبەش کردنی کۆردیلیاش ،هەمووی نەهامەتی بوو، ناشکرێ لەپڕێکا بەخت یاوەری بێو لەشەرێکی قورس بەسەر ئەدمۆندوو دوو کچەکەی تری زاڵبێ ،شەرێک لەسەر پیرێکی عەقڵ لەدەست چووی نێوان سێ خوشک، دیسان بەخت یاوەری لیر نابێ. تالیر چیتر خەم نەخوات و ئارامی بێت .ئەوەی کە چاوەڕوان دەکرا لەم شەڕە, بە پێچەوانەوە بوو ،کۆردیلیا بەدیل گیراو لەشکرەکەشی تێکشکا...
بۆ ئەبێ لایەنی خراپە سێ قۆڵیەکەی رێگان و گۆنریڵ و ئەدمۆند سەرکەوێ؟
سەرسورمانی ئەدمۆند لە دووای سەرکەوتنەکەی بەرامبەر بە بەرەی زوڵم لێکراوان ,زیاتر هانیدا کە هەست بکات خواوەندی لەگەڵە و لە پاشایەتی نزیک بۆتەوە ,چونکە ڕێخۆشکەر زۆربوون بۆ گەیشتن بەم ئامانجە وەک،موڵکداری ,ئازایەتی و خۆشەویستی بۆ هەردوو کچەکەی لیر ،هەمویان پاڵنەر بوون بۆ ئەدمۆند ،تەنیا کەسێک کە ئەدمۆند ترسی لێ هەبوو ئەلبانی بوو ...ئەلبانی لە هیچ شوێنێک لەگەڵ خراپەکاری دا نەبووە، هەردەم ویستویەتی لەگەڵ لیر و کۆردیلیا دڵ نەرم بێ ،تەنانەت لە کاتی بە دیل گرتنی کۆردیلیاش ,ئەلبانی دەیەوێ ئازادی بکات..ئەلبانی هەست بە دەست تێکەڵاو کردنی ئەدمۆندو دوکچەکەی لیر دەکات و دەشزانێ پشتی دەگرن
ڕێگان : ئەدمۆند شایەنی هەموو شتێکی باشە .

ئەلبانی : جا هەر ئەوە ماوە شوی پێبکەی.
ڕێگان : دەشێ ئەو پێش بینیە ببێ بەراست..
رقی ئەلبانی تەنیا لەسەر خێزانەکەی نەبوو, بەڵکو ئەدمۆندی بە خوێن رێژ دەزانی و دەشیزانی کە بە خیانەت گەیشتۆتە ئەو پلەوپایەی،لەوانەشە چیرۆکی نامەکەی ئەدگارد کەبەر لەو دیمەنە بەدەستی گەیشتبوو کاری گەری هەبووبێ .بۆیە لەدوای سەرکەتنی لە شەری کۆردیلیا ڕاستەوخۆ دەیەوێ یەکلا ببێتەوە لەگەڵ ئەدمۆند..
ئەلبانی : باجاڕی شەر لێدرێتەوە، بۆ ئەوەی ڕێگان نەتوانێ شوو بەو خیانەتکارە بکات ..ڕێگان گەردەتەوێ شو بکەی بەمن من ئامادەم ،چونکە گۆنرێلی خێزانم دڵی بەخیانەت کارێکەوەیە ..
ئەو وشانەی ئەلبانی بە توانج بوو بۆ هەردوو کچەکەی لیر. بەلام ئەلبانی خۆی شەرەکە ناکات، هاتنی ئەدگارد لەوانەیە کۆتایی بەهەموو شتتەکان بهێنێ...
ئەدگارد : دەی سەر لەشکری بەرێز شمشێرەکەت هەڵکێشە، دووا یادگاریەکانی ژیانت بنووسەوە ،تۆڵەی شەرەف و شەرمەزاریەکانت بکە ئەی زۆڵ. ئەبێ نوقمی پیسی ببی بە خۆشوشتنیش ڕانەگەی . کوشتنی تۆ هیچ دڵم توند ناکات، بگرە جێگای شەرەف و دڵخۆشیە.
ئەدمۆند گەیشتە ئاستی رووبەروو بوونەوە، بۆیە ئێستا دەبێت بەهێزەوە کۆتایی پێ بهێنێت، ئیتر باوی فرت و فێڵ و درۆ نەما ,باوەڕکردنی کەسانی دەوروبەری ئاسان نیە، چونکە شەڕخوازان و فێڵبازان کەوتوونەتە قڕکردنی یەکترەوە، ریگان و گۆنرێل سەرقاڵی پلان دانانن دژ بەیەکتر لەرێگای فێڵەکانی

ئەدمۆندەوە، دەبێ کێ مابێ گوێی بۆ رابگرێت.
لەزۆرانبازیدا ئەدمۆند خەڵتانی خوێن دەکرێت, لەهەمان کاتیشدا دوو کچەکەی لیر یەکتری دەرمانخوارد دەکەن.
لەدوا ساتەکانی ژیانی ئەدمۆند دەڵێ
ئەدمۆند: بەپەلە خۆتان بگەیەننە لیر و کۆردیلیا، چونکە لەزیندان لەسێدارە دەدرێن بەفەرمانی من و گۆنرێل. تۆ خۆت و خوات، تۆ کێی کە توانیت من بکوژیت.
ئەدگارد: من کوڕی باوکتم، ئەو باوکەی کە پەروەردەی کردی و چاوەکانت کوێر کرد، مرد و رووناکی دنیای لێ دزرابوو.
زەماوەندی ئەدمۆند و ریگان و گۆنرێل
ئەم زەماوەندە بەمردنیان کۆتایی دێت، خێرایی نێردراوان بۆ رزگارکردنی لیر و کۆردیلیا بێ سود بوو، ئەوەتا لیر، کۆردیلیای بەسەر دەستەوەیە و دێتەوە. ئەو کچە بەوەفایەی بۆ رزگارکردنی هاتبوو، خۆی تێداچوو.
لیر: بگرین ئەی داروبەردی دونیا، بگرین ئەی بەنی ئادەمی دڵ بەردین، چیتان کرد؟
ئەلبانی: (رووەو ئاسمان) دەی داتەپە و هەموو شتێک بڕووخێنە
ئەلبانی هەر لەسەرەتاوە ئاگاداری زۆربەی هەرە زۆری پلانەکان بوو، بۆ چی لەم کۆتاییەدا نەیتوانی چیتر زوڵم و فێڵەکانی ئەدمۆند قەبوڵ بکات؟ دەکرێ لەترسی لەدەست چوونی موڵکەکانی و خێزانەکەی بێت.
ئەدگارد و کێنت و ئەلبانی ویستیان لەئازارەکانی لیر کەم بکەنەوە, بەڵام لیر تازە تێدەگات لەمردنی کۆردیلیا، لیر تازە مردوو و زیندووان لێک جیادەکاتەوە

لیر: مرد... ژیان چ بەهایەکی هەیە لەدوای ئەو، کچە بەستەزمان و بەهلوولەکەمیان خنکاند.
وادەردەکەوێت کەوا بەهلوولیش خنکێندرابێت لەگەڵ کۆردیلیا.

*زەمەنی رووداوە...
شالیر بەیەکێک لەتراجیداترین دەقی شکسپر دەژمێردرێت بەلام نادیاری زەمەنی رووداو لەم دەقە کۆمەلێک پرسیار دروست دەکات ئایا چیرۆکەکە چۆن بوو ؟چ جلوبەرگێکیان لەبەرکردبوو ؟! زۆران بازی شەرە شمشێر بە چ جۆرێک بوو ؟! هەر ئەو پرسیارانەش لەبەهای چیرۆکەکەیان کەم کردۆتەوە لەشالیر زۆر جیاوازی مەزنی تێدا دەبینرێ .هەر بۆیەش زۆر رەخنە گران دەلێن :لەدەقی شالیر دا شکسپیر خۆی بۆ پیت و خالەکانی مێژووی شالیر ماندوو نەکردووە بەقەد ئەوەی خەیالی خۆی تەرخان کردووە بۆ درووست کردنی رووداوەکان .هەندێک لەم جیاوازیانە لە ژمارەی (5) گۆڤاری سینەماو شانۆ لەلایەن هیمداد عەبدولقهار وەرگێردراوە . کە ئاماژە بۆ چوار جیاوازی دەکات .
-1 بۆدەستگیر کردنی (ئێدگار) گلۆستەر وا پێش بینی دەکات وێنەی ئەدگار بەشەقامەکانی شاردا بگێرن . بەلام ئەم شێوازە گەرانە بەدوای تاوان بار تازەیەو هەرگیز ناشێ لەو سەردەم لە ئارادا بوبێ.
-2 شەرەکەی نێوان ئەدگاردو ئەدمۆند واوەسف کراوە کە بەپێی یاساکانی شەر ئەنجام دراوە لەلایەن نۆرمانیەکان و هێندراوە کە بەردەوام لە پێش شەرکردنەککن بوق و زەنگ

لێدەدرا.

-3 ئاماژە پێ کردنی بەکار هێنانی چاویلکە لەبەشی یەکەم دیمەنی دووەم ی شانۆگەریەکە لەسەر زاری گلۆستەر ، بەلام چاویلکە تاسالی (1300ز) نەدۆزرایتەوە .

-4 لە بەشی یەکەمی دیمەنی چوارەم باسی دابوو نەریتێکی کاتۆلکیەکان کراوە بریتیە لە ماسی خواردن لە رۆژان هەینی . بەلام ئەم دابوو نەریتە بەماوەیەکی زۆر پێش مەسیحیەت هاتووە ئنگلتەرا جگە لەو چوار خالەی کەکاک هیمداد دەست نیشانی کردوە ئەوە هەندێ شتی تایبەت بەسەردەمی ئەلیزابیسی لەدەقەکەدا دەبینرێ وەک ئەوەی لەسالی (1606) لەلەندەن مانگ کاوە . شکسپیر لە شالیر باسی دەکات

کۆردیلیا

بەکەمی دەردەکەوێت و قسە دەکات . لەتاقی کردنەوەیەکی لیر دەربازی نابێت و دواین پەناگەشی دەبێت . ئەو بلێسە ئاگرەی لەیەکەم دەرکەوتنیا هەلیدا بەشی سوتانی هەموو مەملەکەتی لیر کرد.بۆ ئەوەی ئەو کەسایەتیە وابە ئاسانی ناسرێتەوە ، وەک لە فلیمێکی لە بینەر لە پاشا ، ئەوەی درا بە پاشای فەرەنسا شکسپیر ونی دەکات تا کۆتای کەچی بەردەوام لەگەل شانۆ گەریەکەیە .کۆردیلیا زۆر ئالۆزی شاردۆتەوە هەردووای وون بوونی ئەوا زۆر بەئاسانی ئالۆزیەکان نامینێ و هەموو شتێ روون و ئاشکرا دەبێت .. هیچ درۆیەک لە باوەرو هەستی خۆی ناکات و ئەوەی لەدلیەتی دەیلێ.

لەچەند لایەنێک ( کۆردیلیا و پۆرشیا )ک (بازرگانی ڤنیسیا )

لەیەک دەچن . حەزوو ئارەزوویان بەدەست خۆیان نەبوو ،بەلام نەیان هێشت لەدەستیان بچێت. پۆرشیا سالارو ساکارو بەوەفاو سرشتی بوو ، لەهەمان کاتدا بەرەنگاری هەموو جۆرە فرت و فێل و درۆیەک بووەوە..

کۆ□ردیلیاش راستگۆترین قسەکەرە. راستەو خۆو بەراست گۆیی قسە لەگەل باوکی کرد ، بەلام لیر نازانێ ئەم قسانە لە چ سەرچاوەیەک هەلدەقولێنێ.. کاتێ کۆردیلیا رازی نابێ بەنواندنی خوشکەکانی راستەو خۆ تەختی لیر دەشلە ژێ و لەبەهای کەم دەکاتەوە لەدوای دەرکردنی لەلایەن لیرەوە ئەو بەهایەو نرخە بەیەک جاری لەناو دەچێت . کۆردیلیا دەزانی لەراست گوێی لە قسە کانی هیچ قازانجێک نادات بەلام وەک درۆش دەریان نابرێت .

کۆردیلیا: گەورەم تۆم خۆش دەوێ بەگوێرەی پەیوەندی باوک و کچ نەزیاتر نە کەم تر( پەردەی 1دیمەنی1)

یان دەلێ: خوشکەکانم دەلێن هەموو خوشەویستیان بۆ تۆیە ئەی چیان هەیە بۆ مێردەکانیان ؟؟! (پەردەی یەکەم دیمەنی یەکەم) بێ مانای پرسیارەکانی لیر دەربارەی سۆزو خۆشەویستی کچەکانی بەرامبەر بەخۆی . کۆردیلیا بە دێرێکی شعر دەهێنێتە گۆ .من هەر لەگەل رەحمی تۆم تۆم پێ باشترە لەژیانێکی ناخۆش ( پەردەی 1 دیمەنی1) دەرکەوتنی کۆردیلیا، لەسەر شانۆ ، بکرێت بەسێ بەش ، ئەوەی دەتوانرێت تا ئێستا باسمان کرد بەشی یەکەمە..بەشی دووەم لەو کاتەوە دەستی پێدەکات کە بیر پێویستی بەرەحمی کۆردیلیا هەیە لەوەی . زۆر بەرەحمی و بەوەفای دەردەکەوێ.فەرەنسیەکان ناتوانن

لەسروشتی کۆردیلیای بگۆرن و بێوەفای بکەن بەرامبەر لیر لەکۆتایش لیر سەری سور دەمینێ لەو هێزەی لەژێر دەستی کۆردیلیای دایە .

کۆردیلیا: ئێمە نەهاتوین خۆمان نیشان بدەین ، خۆشەویستی ،خۆشەویستیەکی راست بۆ وەرگرتنی حەقی باوکمان ( بەشی 4 دیمەنی 4) دوو دیمەنی جیاواز لە تێگەیشتنی لیر بۆ کۆردیلیا . دیمەنی سەرەتایی شانۆ گەریەکە دیمەنی پەشیمان بوونەوەی لیر لە بریاری هەلەکە.

لیر :تکات لێدەکەم کە لەبیری کەی وە لیم ببوری من پیرم مێشکم تەواو نیە . (پەردەی 4 دیمەنی7) .

بەشی سێیەم . لەسەر بریاری ئەدمۆن لە سێدارە دەدرێ بەمردووی لە سەر دەستی لیر بەدور دەکەوێ . لیر شەرمەزارو تەنیایە گریانی بۆ دەمێنێتەوە .

لیر:بەردەوام دەنگی نەرم بوو ناسک و نزم بوو جوانترین سیفەتی ژنی تێدابوو( پەردەی 5 دیمەنی 3)

*هەرچەندە ئەم قسانە لەسەر زاری گلۆستەری ناکرێت لەو دەقە کوردیەی کە ئێمە لەبەر دەستمان دایە کە ل وەر گێرانی علی عوسمان یەعقوبە . بەلکو گلۆستەر دەلێ: لێی گەرێن بۆ کێ رادەکات . بچێتە ئەو پەری دونیاش هەر دەست گیر دەکرێت ( بەشی 2 دیمەنی1)

بەهلوول

ئەم کەسایەتیە جیاوازیەکی ئەوتۆی نیە لەگەل کەسایەتیە کۆمیدیەکانی تری شکسپیر، وەک ئەو کەسایەتیە کۆمیدیەی

کەلە شانۆگەری (دوانزدەمین شەو) دا دەبینرێ.. هەرچەندە رۆل پێدانی بەهلول کارێکی زۆر ئەستەمە لەتراجیدیایەکی مەزنی وەک (لیرشا) ئەستەمیەکەی لەوە دایە کەلە تراجیدی ترین بەشی شانۆگەریەکە رۆلی سەرەکی هەیە .. زۆر قسەو باس هەیە بۆ ئەم جیاوازیە . هەندێک پێیان وایە کەسایەتیەکی وەک بەهلول لە دەقێکی تراجیدیدا . زیاتر ناخۆشیەکان بەدەر دەخات . بەشێکی دەلێن ئامادەبوونی بەهلول لەشانۆی ئەلیزابسی تەنیا بۆخۆش کردنی زەو قی بینەر بوو بەتایبەت لەنمایشە دوورو درێژەکان، ئەگەر نا بینەر پاشماوەی خواردەمەنی لەئەکتەر ەکان دەگرت !! لە (لیرشا) دا قسەخۆشەکانی بەهلول زیاتر لەدلێکی پرلە غەم و ناخۆش دەوترێ،ناشتوانرێ یەکەم عەقل و ناوی ببەین چونکە زۆرزالەو بەسەر قسەو وە لامە خێراکان و گونجانی لەگەل لیر کەروبەرووی رەشەبا دەبێتەوە . بۆیە بەهلولترادجیدیایەکی تر دەنوێنێ و دوور لەشێواندن لەهەموو بەدەرکەوتنێکی دا خەمی ئەوانی تری بەسەردا زالە وەکو ئەوەی لەیەکەمی دەرکەوتنی دەکرێت.. لیر : کەوا بەهلولەکەم ؟ دوورۆژە نەم بینیوە .. پاسەوان: لەوەتەی کچە بچووکەکەت چوتە فەرەنسا ئەوی!ش دونیایی لێ تاریک بووە . ( بەشی یەک دیمەنی چوار) . هیچ شتێکی تایبەت بەخۆی نیە تاخەمی لێ بخوا، کارتێکردنە کانیش هیچ پەیوەندیان بەوە نیە کە دەری دەخات . شکسپیر وای داناوە کە بەهلول بەهەستێ کی قولەوە ئامۆژگاری گەورەکەی بکات . بەهلول : زیاتر لەوەی دەری دەخەی ، هەلی بگرە، کەمتر لەوەی کەدەی زانی قسەبکە، کەمتر لەوەی کەهەتا قەرز بکە ، زیاتر لەوەی بەپێ ئەرۆی سواربە ، زیاتر لەوەی کەدەیزانی فێربە،

زیاتر لەوەی کەهەزلدەریژی بیگرەوە، خۆت لەمەی رزگار بکە ئینجا شورەیت، کونجی مالی خۆت بگرەو ئەوسا لەهەریەک لەوپیستانەی هەیتت زیتر لەدوو دەق دەبیت.(بەشی یەک دیمەنی چوار). تەنیای بەهلول بۆی هەیە دلی (لیرشا) بداتەوە بەقسە هیچەکانی ( لیر) یش تەنیا لە بەهلولی قبول دەکات ،شلەژانی باری دەروونی لیر زۆری لەریێ ئەو پەندانەی بەهلولەوە دەست پیێ دەکات کەوەکپلیکانەیەک پایە پایە پیێ ئەلیت باری دەروونی (لیریش ) ش لەگەل ئەم پەندانە گرژ تر دەبیت تەنیا( لەدیمەنی چوار پەردەی یەک )دا (13) جا بەهلول بەگالتە پیێ کردنەوە باسی لیر دەکات کە هیشتا هیچ نەگونجانیکی وا لەئارا دانیە لەنیوان لیر و کچەوکانی . بەهلول لەبەردەم لیرش دا بە (کینت ) دەلیێ: ( لایەنی یەکیک دەگریت کە گەورەی شکۆمەندی خۆی لەدەست داوە ..) کەراستەو خۆ مەبەستی لیرە..پایەکی تر سەر دەکەویێ.

بەهلول: (بۆ لیر) ئەو میرە بینە کە هانی دایت دەست لە زەوی و زارەکەت هەلگریت ، خۆت وەرە لە جیاتی ئەو بوەستە ئیستا بەهلول قسە خۆشو بەهلول قسە ناخۆش بۆ دەردەکەویێ ئەوەتە یە کیکیان جل و بەرگی رەنگاو رەنگە.دووە میشیان لەویێ وەستاوە (ئاماژە بۆ لیر دەکات) (بەشی1 دیمەنی4) ئەم قسانە بهلولیش راستەو خۆ کاردەکاتە سەر لیر کە تیبگا هەلەیکی گەورەی کردووە. ئامۆژگاری و پەندەکانی بهلول دەرگای مەرگەساتەکە دەکەنەوەو لیریش دەکەویتە گیژاوی مەرگەساتەکەوەو بروا بەگەمژەیی خۆی دینیو دەلیێ:ئاخ لیر ...ئاخ لیر !دە ئەم دەرگایە دەکوتە کە ئەم شیتیو نەفامییەی لیێ

چووه ژوورەوه (لەسەری خۆیی دەدات)جێگەی بە عەقل و ئاوەزت لێژکرد..(بەشی1 دیمەنی 4) پێش ئەوەی لیر بزانی کە لەو پایەی لە دەست داوه بەهلول بەناراستەوخۆ دوای دەرکردنی لیر لەلایەن گۆنریڵ پێی دەلێت ..بەهلول دیسانەوه پێش رووداو دەکەوێتەوه ئەوەتا لیر لە گۆرەپانی بەردەمی کۆشکی البانی راوەستاوەو چاوەرێی پێشوازی رێگانی کچی دەکات کەچی بەهلول دەلیٚ :ئێستە دەبینی (رێگان) یش وەک کچەکەی ترت مامەڵەت لەگەڵ دەکەت .کەشکیش برای دۆیە .ئەوەی دەیزانم باهەر بیزانم .

لیر: چی دەزانی کورم ؟!

بەهلول هەردوکیان یەک سێوی ترشن بوونەتە دوولەت.. (بەشی1 دیمەنی5)قسەکانی بەهلول یەکە یەکە شوێنی خۆی دەگریٚ و پێشوازی رێگانیش لە لیر بەفەلەقەدانی کێنت دەبێت. هیچ جیاوازیەکی نیە لەگەڵ (گۆنریڵ)ی خوشکی.

کێنت:من خزمەتیکاری لیرشام بەئەرک وفرمانی ئەو نێردراوم ئەگەر لەفەلاقەم بدەن بۆ شکۆمەندی پاشا سوکایەتیە بۆکەسایەتی بەهەیبەت و بەرێزی دەست درێژیەکی زۆرە.

کۆرنۆول:دەلێم ئەو فەلاقەیەم بۆ بێنن،دەبیٚ تا نیوەرۆ لەم فەلاقەیە بمێنێتەوه.

رێگان:تا نیوەرۆ!کەورەم تا ئێوارە تابەیانی..

کێنت:ئاخر بۆ خانم خۆ ئەگەر سەگی بەردەرگای باوکیشت بم نابی بەم شێوەیە مامەلەم لەگەل بکەی.

رێگان:مادام بیاوی ئەمی. ئەو مامەلەیەت حەقە مستە.(بەشی2 دیمەنی) هێشتا رەشەبا هەلی نەکردووەو لیریش نەچۆتە بیابان

که له فەلاقە دراوە بەهلول ئاماژە بۆ جێهێشتنی لیر دەکات لەناو ڕەشەبادا.

بەهلول : ئەوە تەنیا لەبەرژەوەندی خۆیدا بێت و هەلوەدای پلەو پایەبێت کەباو باران هەلدەکات لەناو ڕەشەبادا جێت دەهێلێ .

(بەشی 2 دیمەنی 4)

گۆنریڵ و ڕیگان هەلوە دانی پلەو پایەی لیر بوون بەلام هێشتا ڕەشەبا هەلی نە کردووە تاروومەتەکانی لیر شەقار شەقار بکات. بەهلولیش لەگەل ڕەشەباکە وندەبێت و هیچ ناوێکی نامێنێ لەدە قەکە . بەلام(ئەدگار–تۆمی هەژار)پر لەقسەو پەندە لەزۆربەی شوێنەکان جێگای بەهلول دەگرێتەوە..لەلایەکی تر دەقەکە پێویستی بە بەهلول نامێنێ ،چونکە لیرشا پلەو پایەی لەدەست دا . بەهلولەکانیش تەنیا بۆ میرەکانن لە کۆشکی میر و مالە دەولەمەندەکان دەژین شالیریش له بیابان